پاشکۆی ٣

مەڕی ونبوو ، درهەمی ونبوو

" نمونەی مەڕی ونبوو " لە مەتا ١٨: ١٢- ١٤ وە نمونەی درهەمی ونبوو لە لۆقا ١٥: ٨- ١٠ تایبەتن بە هەڵوێستی خودا بەرامبەر گومڕاو ونبوەکان لە شانشینی خودا .

أ. مەڕی ونبوو لە ئینجیلی مەتا .

مەتا ١٨: ١٢- 14 بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

بزانە : ئینجیلی مەتاو لۆقا هەمان فێرکردن پێشکەش دەکەن لەم چیرۆکەدا.

<u>٢. چوارچێوەی دەقە راستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u> .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

لەگەڵ ئەوەی مەڕی ونبوو لە ئینجیلی لۆقا و مەتا هاوشێوەن بەڵام هاوسەنگ و دەقاودەق لەیەک ناچن ئەم نمونەیە هەمان ئەو شێوازەیە کە ءیسا بەکاری هێنا لە زۆربەی وانە جیاوازەکاندا .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٨: ١ ـ ١١.

قوتابیەکان مشتومڕیان بوو لەسەر ئەوەی کامیان مەزنترە لە شانشینی خودا ، عیسا دەیزانی بۆچی مشتومڕیانە ، بۆیە سێ شتی کرد : نمونەی پێدان ، وە هۆشداری پێدان ، وە ئەرکی پێدان .

بڕوانە ڕۆما ١٢: ١٠ ؛ عیبرانیەکان ١: ١٤ ؛ لۆقا ١٥ .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ١٨: ١٢ـ ١٣ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٨: ١٣ـ ١٤.

عیسا کە دەڵێت شوانە زۆر دڵخۆش دەبێت کاتێ مەڕە ونبوەکە دەدۆزێتەوە زیاتر دڵخۆشە بە نەوەدونۆیەکەی تر مەبەستی ئەوە نیە کە شوانە نەوەد ونۆیەکەی خۆش ناوێ ، ئەوەی عیسا مەبەستیەتی بیڵێ ئەوەیە کە لەڕاستیدا خودا دڵخۆشە کە هەوڵ دەدات بگەڕێ بەدوای مەسیحیەکی سەرلێشیواو تاکو بیدۆزێتەوە .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

چوارچێوەی نمونەکە جیاوازە لە چوارچێوەی نمونەی لۆقا ١٥ بۆیە وردەکاری ئەم نمونەیە ئاماژە دەکات بۆ چەند ڕاستیەکی جیاوازتر

، سەد مەڕەکە ئاماژەیە بۆ ڕۆڵەکانی خودا وە مەڕی ونبوو یەکێکە لە ڕۆڵە ونبوەکانی خودا کاتێ دوور کەوتوەتەوە لە خوداو کڵێساکەی .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی مەڕی ونبوو لە مەتا ١٨: ١٢- ١٤ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی بە "هەڵوێستی خودا بەرامبەر بە گومڕاکان و لەناوچوان " .
پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : خواستی خودای ڕاگەیەنراو ئەوەیە هیچ کام لە مەڕەکانی لەناونەچن بەڵکو هەمویان ڕزگاریان بێت بە تەواوەتی ، چونکە خۆشەویستی خودا دەوری ڕۆڵە ونبوەکانی داوە و دەگەڕێ بە دوایاندا و دەیانگەڕێنێتەوە بۆ نێو مێگەل .

هەوڵدان بۆ ڕزگاریی لەناوچوان وگومڕاکان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی شانشینی خودا .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

وتەکان ٥: ٢٩ ؛ زەبور ١١٩: ١٧٦ ؛ ئیشایا ٤٥: ٢٢- ٢٣ ؛ ٤٨: ١٧- ١٩ ؛ حەزقیال ١٨: ٢٣، ٣٢، ٣٣: ١١ ؛ مەتا ٩: ٣٧- ٣٨ ؛ ١١: ٢٨- ٢٩ ؛ ٢٣: ٣٧ ؛ یۆحەنا ٧: ٣٧ ؛ یاقوب ٥: ١٩- ٢٠ ؛ ٢پەترۆس ٣: ٩ ؛ بینین ٢٢: ١٧ .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : هەر یەك لەم بەشانە چیمان فێر دەکەن بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی نمونەکە فێرمان دەکات ؟

تێبینیەکان .

ڕاستی ئەوەیە کە خودا نایەوێ هیچ کام لەم منداڵانە لەناو بچن (ڕۆڵەکانی خودا) ئەمەش ڕێك دەگونجێ لەگەڵ فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز .

ب.

درهەمی ونبوو

لۆقا ١٥: ٨- ١٠ بخوێنەوە .

گفتوگۆ: بنەما سەرەکیەکان کامانەن لەم نمونەیەدا ؟

تێبینیەکان . درهەمی سپی لە شێوەی زیو کرێی ڕۆژێکی کارکردن بوو .

<u>٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u> .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٥ : ١ ـ ٧ .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٥ : ٨ ـ ٩ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٥ : 10 .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

مامەڵەکردن لەگەڵ نمونەکە وەك چیرۆکێکی میتافۆری راڤەیەکەشی میتافۆریە .

شرۆڤەی عیسا.

عیسا هیچ واتایەکی دیاریکراوی پێنەداوە بە نمونەکە بەڵام شرۆڤەی دڵخۆشیەکەی خودا دەکات بە تۆبەکردنی یەك گوناهبار .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .